# هەبوونی گوننار ئێکێلۆف



1968 -1907


نووسینی: پرۆفیسۆر ئەندێرس ئولسۆن*

وەرگێڕانی: رزگار شێخانی

rizgar_shekani@yahoo.se


ئەدەبی سوێدی سەدەی بیست کەمجار وەکو چاخێکی زێڕین وەسف ناکرێ، کە باسی شیعر دەکرێ. ڕەنگە بایەخدان بە شیعر لە زۆر بەشی ئەورووپا و ڕۆژئاوادا، لە دەوروبەری سەدەی نوێ و لەگەڵ شاڵاوی تەکنیکی رژنامەگەری، هونەری پێرفۆرمانس و کولتووری بازاڕیدا، تا ئاستێک کاڵ بووبێتەوە. دەمێک کە دەبێ هەموو شتێک بە بەرچاووە بێت و بەشێک لە سەکۆیەکی گشتی پێکبهێنێ، ئیدی چی لە گوێگرتن و ئەو جێیەی ناخ دەمێنێتەوە، کە شیعر بۆ خۆی دەیەوێ؟

لێ ئەگەرچی ئەم گەشەیە لە سوێدیش هەستپێکراوە، بایەکی نوێکەرەوە لە ناو شیعری هاودەمی سوێدیدا هەر بەردەوامە، کە کەڵە شاعیری وەک توماس ترانسترۆمەر، یۆران سۆنێڤی و بێنگت ئێمیل یۆنسۆن، هەروەها نەوەیێکی بەهێزی شاعیری ژنیش، بە رابەرایەتی کاتەرینە فرۆستێنسۆن و ئان یێدرلوند هەڵیکردووە. لێ، لەناو ئەم ئەدەبە زۆر بە هێز و ڕەنگینەدا، شاعیرێکی کۆن، گوننار ئێکێلۆف بێ پەروا و سەربزێو گۆرانی خۆی دەچڕێ و هەمیشە دەبیسترێ. کەس لە پێشەنگەکانی نوێخوازی لە شیعردا، هێندەی ئەو خوێنەریان نەبووە و پڕ مانا و کاریگەر نەبوو ون بۆ ئەو شیعرەی کە لە سوێد دەنووسرێ. تاکو ئەمڕۆش کە نزیکەی 40 ساڵ بەسەر مەرگی ئەودا تێپەڕیوە.

ئەوجا چۆن هەبوونی ئێکێلۆف ڕوونبکەینەوە؟

پێویستە سەرەتا ئەوە بگوترێ کە هەر کەسێک شێوازی خۆی هەیە لە خوێندنەوەی ئێکێلۆفدا، کە فرەلایەنی ئەو دەگەیەنێ. لای ئەو زمانێکی ڕۆمانسی، وشەوازییێکی پڕ لە گەمە، هەستێکی موزیکی بۆ فۆرم و تەسەوفێکی سنوورشکێن دەبیندرێن. ئێکێلۆف هەر شیعری نوێ نەکردەوە، زمانی سوێدیشی نوێکردەوە.

لێ، لە ناو ئەمەشدا پارادۆکسێک هەیە، کە ئێکێلۆف تەنیا بەسەر لاڕێگەیەکی نائاشناوە توانی ئەم نوێخوازییە دابهێنێ. ساڵی 1907 وەک تاقانەی خێزانێکی ناتەبا لەدایک بوو. لە ماڵ و قوتابخانە ئاسوودە نەبوو و هەر بە مێرمنداڵی ئەشقی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ناخیدا چرۆی کرد. دوای تەواوکردنی قۆناغی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئامادەیی چووە لەندەن، تا لەوێ زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی بخوێنێ، زێتر خولیای سۆفیگەری و عاجباتی هیندی بوو. گەڕایەوە، لێ هەر زوو، لە کۆتایی سالآنی 1920 هەستی بەوە کرد، کە ناچارە بۆیەکجاری سوێد جێبهێلێت و سەرهەڵبگرێت. دەیویست ببێ بە ئاوازدانەر و سالآنی پێش بڵاوکردنەوەی یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ساڵی 1932، چووە پاریســی لانەی مودێرنیزم. هەر لە پاریســیش بوو کە لە بەر کرێوەی شیعری "شەوێک لە ئاسۆدا" بناغەی نووسەرایەتی خۆی لێدا. مودێرنزمە فرەنسییەکانی وەک رامبۆ و مالارمێ ڕێنیشاندەری بوون لە ڕۆچوون و قووڵبوونەوەیدا، تا لە رووی بوون و زمانەوانیی‌یەوە گەیشتە خاڵی وەرچەرخان و ڕێگەیەکی تازەی دۆزییەوە.

ئەم پارادۆکسە -کە ڕێی خۆت بە نێو دەشتێکی نەناسراودا بدۆزیتەوە- ڕەنگە لە خۆیدا روونکردنەوەیەکی بەهێز و نەپچڕاوی تری هەبوونی گونار ئێکێلۆف بێت. هەر لە سالانی 1930یەوە کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی سوێدی بە هاوگەریی و ئایدیۆلۆژی بەختەوەریی خێزان ناسرابوو. سەخت بوو ڕێی خۆت بگریتەبەر و شوێنی حەز و ئارەزووەکانی خۆت بکەویت.

ئێکێلۆف گۆشەگیریی قووڵی مرۆڤی لە کۆمەڵگەیەکدا نیشاندا، کە بە بەرژەوەندخوازی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەناسرایەوە. ئێکێلۆف بەم کارەی خودی شیعریش بەرجەستە دەکا، کە قەت ناتوانێ لەگەڵ ڕەودا ڕێ بکا. لەبارەی نامۆیی خۆی، ساڵی 1940 لە شیعری "نون سێرڤیام"دا نووسیویەتی:

من نامۆییکم لەم وڵاتەدا<br>
لێ ئەم وڵاتە نامۆییک نییە لە مندا!<br>
من هەست ناکەم خەڵکی ئەم وڵاتەم<br>
لێ ئەم وڵاتە وەک هی خۆی لە ناخمدا ڕەوتار دەکا!

سێیەم ڕوونکردنەوەی هەبوونی ئێکێلۆف لەم سالآنەی دواییدا زێتر دەرکەوت، کاتێک درز کەوتە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانیی سوێدییەوە و بوو بە کۆمەڵگەیەکی فرە کولتووریی گەلێ دوور لە بەختەوەریی خێزانی سی و چلەکان. لێ، ئێکێلۆف هەر دەدوێ و ئێستا بە شێوازێکی نوێتر بۆ مرۆڤی نامۆ لە دنیادا دەدوێ، ئەوجا ئەو مرۆڤە خەڵکی هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێت. ئێکێلۆف بووە بە شاعیری تاراوگە و لەتەک جێمس جۆیس، سەموێل بێکت و پۆل سێلان، پێشەنگە لە مێژووی مودێرنی ئەدەبی گۆشەگیری.

ئەم خوێندنەوە و تێگەیشتنە، نووسینەکانی سالآنی کۆتایی ژیانی، کە پێیان دەڵێن شیعری دیوان، یان شیعری ڕۆژهەڵاتی ناوینی و سالآنی 1960 نووسراون، پشت ڕاست دەکەنەوە کە ترۆپکی داهێنانییەتی. لەگەڵ فرەلایەنیی گەورەی ئێکێلۆفدا، بەردەوامییەکی مێژوویی قووڵ و نەپچڕاوی داهێنانیش هەیە. وا سەرەتای سالآنی 1960 ئێکێلۆف دەگەڕێتەوە سەر حەز و ئارەزووەکانی سالآنی بیستەکان، ئەو دەمەی کە ئاشق و شەیدای کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو، دێت و سەرلەنوێ بە سوودوەرگرتن لە شاعیری وەک جەلالئەدین ڕۆمی و ئیبن ئەلعارەبی، لەم سیانەیەدا، دیوان لەسەر میر ئێمگیوون 1965، داستانی فاتیمە 1966، ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی 1967، زمانی نووسینی خۆی گەشە پێدەدا و جۆرە وەسیەت نامەیەکی شیعریی دادەڕێژێتەوە، کە لەگەڵ شارستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەدوێ.

سەرهەڵدانی ئەم تەقینەوەیەی قۆناغی دوایی لە ئەفراندنیدا، ڕەنگە لە ئەزموونی مودێرنی ڕۆژئاوادا تەنیا بە داهێنانی "شیعرەکانی دوینۆ" ی ڕەینەر ماریا ریلکێ بەراورد بکرێ، کە پەنجا ساڵ پێشتر نووسراون.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆربەی شیعرەکانی بەشی یەکەمی دیوان، لە شەوێکی دیوانەیی نووسران، کە لە ئاداری 1965 لە ژووری هۆتێلێکی  ئەستەنبۆل فریشتەیەک سەردانی کرد. زیکر، گۆرانییەکی خوایی بە جۆش و خرۆشی بۆ خواوەندی شیعر "موسە" ی تایبەتی خۆی و خواوەندی خۆنەهێڵ، پاکیزەی هێمای تەسەوف دەنووسێ، کە بە پاکیزەی ئاور و نەبوون ناو دەهێندرێ. فاکتەری نووسین لەم پرۆسەی داهێنانەدا، بینینی وێنەیەکی "ئێکۆن" بێزەنتینی بوو، بەتایبەتیش وێنەیەکی بە ماچان خواراوی پاکیزەیەک لە پەرستگەی بچوکی تەنیشت کەلاوەکانی کۆشکی بلاچیرن.

لێرەدا ئێکێلۆف بە زمانێکی تا ئاستێک نوێ، زمانێکی دەوڵەمەند و سادەی بەهێز دەردەکەوێ. لێ، ئەو راستییە سەختەش خۆدۆزینەوە و خۆناسینەوە لە کوردێکی بەند و کویرکراودا، ئێمگیوونی میری سنوور، بە روونی دیارە. لێرەدا ئێکێلۆف لە دەرخستنی رۆحی خۆی، بە هۆی کەسێکی نامۆوە دەگاتە ترۆپکی داهێنان. میر لە تەنگانە و ناخۆشیدا، دڵنەوایی خۆی بەم پاکیزە وشکە دەداتەوە، کە لەم هێزە ناکۆکانە " خێر و شەڕ، شەیتان و خواکان" دووره کە بەسەر دنیادا زاڵن.

ئەمڕۆ دیوان بە خوێندنەوەیەکی سەرسوڕهێنەر نوێ بۆتەوە، لێ دەبێ جەخت لەسەر ئەوەش بکرێ کە خەمخواردنی ئێکێلۆف بۆ مەسەلەی کورد، ڕێک لەگەڵ پشتگیریی و هاوکاریی ئەو بۆ مرۆڤی لانەواز و تاکانەی بێ جێگە لە ناو بەها و  هاوهزرییەکی گشتی، یەک دەگرێتەوە.

ئەگەر رۆل دروستکردن تا رادەیەک شێوازێکی نوێ بێت، ئەوا کرۆکی بابەتەکە زۆر کۆنە. بابەتی ئۆیدیپۆسی "ئۆدیپ" بێ هاودەم و کویر لە زۆر نووسینەکانیدا هەیە. دەربڕینی پڕ جۆش و خرۆشی میریش بۆ پاکیزە، لە دوا کۆپلەی شیعرێکی زۆر ناسراوی ئێکێلۆفدا هاتووە، کە ناوی "بگرە و بنووسە"یە و لەو دیوانەدا هەیە کە ساڵی 1941 بڵاویکردەوە. لەوێ بۆ یەکەمجار بە شیعری فێرخوازی باسی پاکیزەی تەسەوف کراوە. ئەو پاکیزەیەی کە پەنا و هانای بۆ دەبردرێ، وەک هێزێکی نادیار بۆ ئەوکەسەی کە لە نێوان هێزە شەڕکەرەکاندا دەڕوانێتە بوون و ژیان، خۆی دەنوێنێ.

ئەم هەبوونە بە نادیارییە، هەر لە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵە شیعریدا، بابەتێکی بنەڕەتییە. لێ لە دیواندا چڕتر و گەردوونی دەبێ. وەک لای "ئیبن ئەلعارەبی"ی شاعیری سالانی 1200، سەختە، زۆر سەختە سنووری نێوان ئێرۆتیک و ئەشقی خوایی دیار بکرێ. کە هەر لە ساڵی 1927-28 ـەوە، کە تازە دەستی بە نووسینی شیعر کردبوو، تەرجومان ئەلئەشواقی وی، سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئێکێلۆف بوو. لە دیواندا شیعرەکان هەمیشە بە دوای ئەم سنوورەدا دەگەڕێن، بە یارمەتی گوتنی وا.

پێی تۆ نەبوو حەزم بۆی چوو،
لێ، پێی تۆی سەر شوونی ئەو بوو
کە هەنگاوەکانی رووە و نەبوون دەبنەوە.

میر ناچار دەکرێ، لەوە بگا کە پاکیزەی دڵنەوایی، پاکیزەی تێنوێتییە. هەر تەنیا ئاڵودەی دەسەڵات نەبیت و نەتەوێ - باوەڕێکی بودیزمییە- دەسەڵاتی راستەقینە دەدا و لە وابەستەیی نەخوازراو رزگارت دکات.

ئای، کێ تۆی خۆش ناوێ
کە لە ئەوین و لەدایکبوون،
لە ژان و مردن رزگارمان دەکەی!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوننار ئێکێلۆف، لە تەک مالارمێ، پیرێ ریڤەردی و ستاڤێنیس، سەر بە رچەشکێنە گەورەکانی ناو شەپۆلی مودێرنیزمە. لێ، لە حالەتی ئەودا، رچەشکێنی وزە لە عاجباتی زۆر کۆن و لکوپۆدار وەردەگرێ. لە هەمان کاتدا فەنا بوون لە رێگەی ئەشقەوە لەگەڵ جنس کردندا یەکدەگرێتەوە، کە رەنگە ئەمیش وەک مالارمێ بڵێ "وێرانبوون بیاتریسی من بوو". لێ، ئەوەیشی بێتە سەر، کە بیاتریسی ئێکێلۆف پاکیزەیە و لە ئاور و نەبوونە.

یەکگرتنەوەی ئەشقی سۆفیانە و شەیدای جنس کردن، لەو شیعرەی دیواندا زۆر چڕ دەبێتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بە یەکگەیشتنی لەگەڵ ئەم ئێکۆنە رەش هەڵگەڕاوەی ناو پەرستگەی کۆشکی بلاچیرن، کە لەسەر ئەو کانییەی کە قەیسەرەکانی بێزەنتینی دەستی خۆیان تێدا پاک دەکردەوە، هەڵواسراوە. کە دەڵێ "بە ماچان خوراو"، ئەوە دەگەیەنێ، کە چۆن زەمەن بە دەم و لێو هەموو شتێکی ئێکۆنەکە دەچوێنێ. لێرەدا وەک لە رێسای شیعری عارەبیدا، جار لە دوای جاران جوڵانەوەیەکی زۆر چێژ وەرگرتن، بە شیوەیەکی سیحریی دووبارە دەبێتەوە و ئەم دەم و لیوە بە ئازار و ئازاردەرەش دەبنە هی شیعرەکە.

ئەوەی بە هیوای بووین<br>
بە ماچان خوراوە.<br>
ئەوەی بە هیوای نەبووین<br>
ماچکراوە و بە ماچان خوراوە.<br>
ئەوەی لە دەستمان چوو<br>
بە ماچان خوراوە.<br>
هەموو خۆزگەکانمان<br>
چەندان جار ماچکراون.

ئاوا هەبوونی نەبوونی رەها دەردەبڕدرێ. با ئەمەش دوا هەوڵ بێت لە روونکردنەوەی هەمیشە هەبوونی نکۆڵی لێنەکراوی ئێکێلۆف، نەک تەنیا لە شیعری هاودەمی سوێدیدا، بەڵکو لە هەموو ئەو شیعرانەی کە ئەمڕۆ دەنووسرێن. لیرەدا ئێکێلۆف توانایەکی سیحریی و بی هاوتا نیشان دەدا کە ئەو شتانەی تێگەیشتن لێیان زۆر سەختە، لە بەر چاوان بلەرنەوە.

* پرۆفیسۆری زانستی ئەدەبە لە زانکۆی ستۆکهۆلم. شاعیر، رەخنەگر و ئێکێلۆفناسە.<br>
ئەم بابەتە، لەسەر داوای رزگار شێخانی، بۆ خوێنەری کورد نووسراوە و تایبەتە بە قەسیدەی "دیوان لەسەر میر ئیمگیوون" .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com